کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-11-2007 19:18

# وەڵامێک بۆ وەڵامەکەی وتە بێژی حکومەتی هەرێی کوردستان ... سۆران عەزیز



سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم دەبی درەنگ یان زوو رۆشنبیر و نوسەران هەڵوێستەیەك لەمەر خەباتی چەکداری کوردی بکەن، هەڵوێستەیەك بێتە مایەی هێنانە ئارایەی خوێندنەوەی رەخنەیانە لە خەباتی چەکداری لەئێستا دا و رابردوی کوردا، رەنگە شەرعەیەت بەوە بدرێت لەساڵانی سەدەی رابردوو خەباتی چەکداری شەرعیەتی هەبێت و بەتایبەت لەکوردستانی باشوردا چونکە کوردستانی باشور لەنێو وڵات و سیستەمێکدا بووە هیچ مەجالێکی دیکەی نەبووە بەدەر لەیاخیبونێکی چەکداری ئەمە لەکاتێکدا سەردەم رەنگە ئەوکات گونجابوبێت بۆ ئەم جۆرە لەخەبات کردنە، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم ئایا خەباتی چەکداری بۆ ئێستای دنیای کورد گونجاوە ئایا بەراستی لەئاستی دنیادا ئێستا خەباتی چەکداری دەتوانی مافەکانی گەلان مسۆگەر بکات، ئایا دوای دروست بونی هەرێمێکی سەقام گیر لەباشوری کوردستاندا تاچەند بونی چەکدار زیان بەم هەرێمە دەگەیەنێت، ئەمانە کۆمەڵی پرسیارن کەدەبێت بێتەمایەی هێنانە ئارای مشتو مری جدی بەڵام بەداخەوە وەك چۆن هەموو شتەکانی دنیای ئێمە بەبی دیالۆگی جدی تێدەپەری ئەویش دەچێتە ئەو بێدەنگیە گەورەیەوە لەئەنجامدا بەبی ئاوردانەوە بەسەرماندا تێدەپەری بەهەرحاڵ ئەوەی دەمەوێت و مەبەستی منە باسی لەبارەوە بکەم، بونی پارتێکی چەکدارە لەنێو چیاکانی سنوری کوردستانی عێراقدا کەبەراستی بەخوێندنەوەیەکی واقیعانە، هەرەشەی گەورەن بۆسەر ئەم هەرێمە کەماوەی پانزە ساڵە لەهەوڵی بنیات نانەویداین، هەرچەندە رەنگە کەموکورتیەکی زۆری هەبێت، وبەردەوام جێگای رەخنە گرتن بێت، بەڵام لەدەرەوەی ئەمانە بروام وایە مانەوەی ئەرکی هەمولایەك بێت، و دەبێت لەوخەونە شاعیرانە بێینە خوارەوە کەپێی وایە دەبێت دەسەڵات دارانی هەرێم، کەبەهەموپێوەرەکانی قانونی جیهان، لەچوار چێوەی عێراقدا مافەکانی مسۆگەر دەکرێت، باس لەماف بۆکوردستانی باکور بکات یان دەخواز سەرکرادایەتی هەرێم، هاوکاری هێزێکی چەکدار بکەن بۆلێدانی تورکیا کە بوونی تورکیا زۆر گرنگە لەئێستای هەرێمدا تورکیا زۆر بەئاسانی دەتوانی گرفتی گەورە بۆئەم هەرێمە دروست بکات، بۆیە من پێم وایە ناکری بەهیچ بیانوێك، باس لەهاوکاری هێزێکی چەکدار بکرێت و یان باس لەتەداخولکردنی کارو باری وڵاتێکی تربکرێت، ئیتر ئەو وڵاتە کوردی تێدابێت یان نە وەدەبێت قەناعەت بەخۆمان بهێنین کە ئێمە راستە هاموومان کوردین بەڵام لەدوو ووڵاتی جیاوازکە هەریەکەیان خاوەن سیادەی خۆیەتی و لەروی قاننیشەوە ناکری تەداخولی کارو باری یەکتر بکرێت، بەڵام ئایا کاتێك هاوکاری هێزە چەکدارەکەی کوردستانی باکور نەکەیت ئەی دەبێت چ بکەیت، بەدڵنیایەوە دەبێت زۆرترین هەوڵ بدرێت واز لەچەك بهێنن، چونکە چەك لەدنیای ئێستادا ناتوانی مافەکان مسۆگەر بکات، و تورکیاش ئەو وڵاتە نیە نەتوانری بەجۆرێکی دیموکراسی و مەدەنی خەباتی تێدا بکرێت، چونکە ئێمە دەزانین تورکیا پەراوێزێکی بچوکی دیموکراسی تێدایە بۆیە رەنگە لەم وڵاتەدا خەباتی مەدەنیانە ئەگەری بونی هەبێت، ودەبێت قەناعەت بەوە بکەین کە پارتی کرێکارانی کوردستانی باکور ئەو هەموو کور و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کچە گەنجەت لەوچیایە دا کردۆتە قوربانی ئەمەش بۆخۆی دژی هەموو مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە، وئەگر بێینە سەرکوردستانی باشور و داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەر ئایا ئەمە تاچەند مەعقولە، پارتێکی کوردی لەکوردستانی عێراقدا لەهەرێم کاردەکات، ئەوەش کارێك بوو من زۆر دەمێکە پێم وابوو دەبێت یان سەرکردایەتی ئەو حیزبە قەناعەت پێبکری واز لەم جۆرە ڕێخستنە حیزبیە بهێنن، یان دەبوو وەك ئێستا بارەگاکانیان دابخری رەنگە هەڵەی سەرکردایەتی کورد ئەوە بێت کەپێشتر کاری لەو جۆرەی نەکردووە کە ئەم پارتە یان دەبێت پارتێکی کوردستانی باشور بێت یان دەبێت پارتێکی باکوری کوردستان بێت، کەتۆ نەتوانی لەوکاتەی داوای لێدەکی سیاسەتت بگۆری ئەو نەی گۆری لەوکاکاتەدا دەبێت قەناعەتییان پێبکری ئەوەی ئێوە لەبەر ژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نیە نەك سود بەهەرێمی کوردستان ناگەیەنن بەڵکو دەبنە هۆی گرفتی گەورە بۆی ئەوکات مافت هەبوو بارەگای ئەم پارتە دابخری و کاتێکیش دێت بارەگا دادەخەیت حەقە مافە ئینسانی و سیاسیەکانی مرۆڤ لەبەرچابگیرێت کەچی وتە بێژەکی حکومەت لەجیاتی ئەوەی بێت بڵێت ئێوە مافی ئەوەتان هەیە لەکوردستان لەژێر یاسای حکومەتەکەتاندا کاری سیاسی بۆ کوردستانی باشور بکەن نەك باکور و دەتوانن ئەم جۆرەلەسیاسەتە بگۆرن چیدی لەژێر چەتری ئاپۆدا کارمەکەن بەڵکو واقیع بخوێننەوە و لەگەڵ واقیعەکەدا خۆتان رێك بخەن کەچی دێت و پێیان دەڵێت واباشترە فایەق گوڵپی بچێت عایەدەکەی دابنێیت ئیتر ئەمە سوکایەتیە بەسیاسەت بەمافی سیاسی مرۆڤ ئەمە دژی هەموو پرنسیپەکانی دیموکراسی کە بەرێزتان چەندین ساڵە واعیزین تێیدا دواتریش سوکایەتی کردنە بەپیشەی پزیشك لەولاتەکەی بەرێزتان کەوتەبێژی رەسمین تێیدا من نازانم ئەمە رای خۆتانە یان سیاسەتی حکومەتەکەی بەرێزتانە هەرچەندە لەروونکردنەوەکەتدا کەلەرۆژنامەی رۆژنامەدا هاتووە کە ئەمە رەئی شەخسی خۆتە بەڵام بەدەرەجەیی یەکەم حکومەت لێی بەرپرسیارە لەم بێمانە کردنەی سیاسەتە لەکوردستاندا ئەمە سوکایەتی کردنە بەو مافەی کەمرۆڤ مافی سیاسەتی کردنی هەیە بەڵام لەچوارچێوەی قانون وبەرژەوەندی هەرێمەکەمان کەچی تۆ دێیت و بەو جۆرە سوکایەتی بەسیاسەت دەکەیت لەکوردستاندا تکایە حکومەت رەئی تۆش ئەوەیە کە فایەق گوڵپی بچێت لەجیاتی ئەوەی سیاسەتێکی عاقڵانە بکات یان بچێت عایەدەکەی دابنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.